
# چەند زانیارییەک لەبارەی پێنووسە دیجیتاڵییەکان



لەگەڵ داهێنانی تەبلێت و شـوێنگرتنەوەی لاپتۆپ، پێنووسـی دیجیتالیش خۆی دەرخست، هەڵبەتـە بەر لە داهێنانی تەبلێت پێنووسـی دیجیتالی هەبووە، بەڵام ئـەو کاریگەرییەی کە دەبێ هەیبێت نەیبوو، چونکە تەبلێت نە ماوسی هەیە و نە کیبۆرد، چونکە تەبلێتەکان لەمسین زیاتر ئەرکەکان بە پەنجەی دەسـت ئەنجام دەدرێن، بەڵام پێنووسـی دیجیتالی هەم چێژێکی زیاتر بەکارکردن بە تەبلێت دەبەخشـێت، هـەم چەندین فەرمان و ئـەرك ئەنجام دەدەن کە بە پەنجەی دەسـت ئەنجامدانیان دژوارە.. بەتایبەتی لە کاتی کێشانی تابلۆیەکی هونەری و تایب کردن بە تەبلێت. لێرەدا ئاماژە بە چەندین پێنووسی دیجیتالی دەکەین...





※ Adonit jot touch: ئەم پێنوسە لە ریزی قەڵەمە سەرکەوتووەکانی جیهانی دیجیتال دەناسـرێت، زیاتر بەکارهێنەرانـی تەبلێتی ئایپاد سوودی لێوەردەگرن و بە شـێوەی بلوتوس لەگەڵ ئامێری ئایپاد پەیوەند دەدرێت، لەسـەر قەڵەمەکـە چەندین دوگمەی هەیە کـە دەکرێت چەندیـن فەرمانی لە ئایپادەکەدا پێ جێبەجێ بکەی.



※ Applydea maglus: پێنووسی دیجیتالی maglus هی کۆمپانیای applydeaیـە، زیاتر لە بواری تایب کردن لـە تەبلێتە جۆراوجۆرەکاندا سـوودی لێوەردەگیرێت، بە سـوود وەرگرتن لەو پێنووسـە خێرایی تایبکردن و خێرا نووسـین زیاتر دەبێت. نوکی پێنوسەکە زۆر بە گرنگی دروستکراوە و بەبێ ئەوەی هیچ زەختێکی لێبکەی دەتوانی تایبی پێبکەی.

※ Sensu brush : قەڵەمی دیجیتالی senus تایبەتە بە هونەرمەندە نیگارکێشەکان، چونکە بەهۆی ئەو پێنووسەوە دەتوانن جوانترین تابلۆ لە تەبلێتەکانیاندا بکێشنەوە، نوکی پێنووسەکە فلچەی نیگارکێشانە و هەربۆیە زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ فلچەی نیگارکێشانی واقیعی.





※ Kensington Virtuoso stylus/pen :
ئەم پێنووسـە دوو ئەرك ئەنجام دەدات، هەم بۆ بەکارهێنەرانی تەبلێـت دەگونجێت و هەم دەکرێت تابلۆی هونەری پێ بکێشـیەوە. نوکی پێنووسەکە زۆر هەسـتیارە و خێرایی لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا لەسەرێیە.



※ Spigen SGP Kuel H10 stylus pen:
یەکێکی دیکە لە پێنوسە دیجیتالییە سەرکەوتووەکان، پێنووسـەی Kuelە، پێنووسەکە سایزەکەی بچووکە و بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت، پێنووسەکە هەم لە تایبکردن و هەم لە کێشانەوەی تابلۆدا سوودی لێوەردەگیرێت.

# چوارچێوەیەک ئایفۆن دەکات بە پرۆژکتۆر

هەروەك چەندین جاری دیکەش ئاماژە بەوە دراوە کە ئایفۆن و گشت بەرهەمەکانی دیکەی کۆمپانیای ئەپل بەبێ چەشنە ڕێکلامێك لەریزی پێشەوەی ئامێرە تەکنەلۆژییە دیجیتالییەکان دێن، ئایفۆن بەس تەنیا مۆبایل نییە، بەردەوام ئامێری لاوەکی و پرۆگرامی نوێی بۆ بەرهەم دێن. یەکێك لەو ئامێرانە، ئامێری ڤیدیۆپرۆژکتۆرە، ڤیدیۆپرۆژکتۆری جۆری Sanwa کە تایبەتە بە ئایفۆن وەك چوارچێوەیەك مۆبایلەکە دەچێتە ناوی و دوگمەیەکی لەسەرە کە بە داگرتنی پرۆژکتۆرەکە ئەکتیڤ دەبێت، بەم جۆرە گشت ئەو وێنەو گرتە ڤیدیۆیانەی لەسەر هاندەکەن دەکرێت لەسەر دیوار یا پەردەیەکی سپی بە جوانی بە سایزی زۆر گەورە سەیر بکەیت. وەك باس دەکرێت توانای ئەو ڤیدیۆپرۆژکتۆرە و ئاستی ڕووناکی لەودا سێ بەرابەری ئەو پرۆژکتۆرانەیە کە تایبەتن بە مۆبایلە هۆشمەندەکان..





## جویستیک بۆ مۆبایلی ئایفۆن

مۆبایلی ئایفۆن لەوکاتەوەی کە بەرهەم هاتووەو بە بەرفرەیی لە جیهاندا پەرەی سەندووە، دەکرێت بڵێین هەتا ئێستا لە ریزی یەکەمین مۆبایلی هۆشمەندی جیهان دێت، مانگانە چەندین ئامرازی تایبەت بە مۆبایلی ئایفۆن و هەروەها چەندین پرۆگرام و ئەپلیکەیشنی تایبەت بەومۆبایلە بەرهەم دێن.. یەکێك لەم ئامرازانە ئەو دەسکی گەمە یان "جویستیك"یە کە لێرەدا دەبینن.. جویستکی جۆری Bladepad مۆبایلی ئایفۆن دەکات بە ئامێرێکی ئەتاری و چێژێکی زیاتر بە گەمەکردن لەسەر ئایفۆن دەبەخشێت. هەروەك لە وێنەکەدا دیارە ئامێری ئایفۆن لەم دەسکی گەمەیە پەیوەند دەدرێت و توانای کۆنترۆڵی یارییەکە بە ئاسانی دەکرێت، هەروەك ئەتاری دیکە. دەسکی گەمەکە پشتیوانی لە زۆربەی گەمە بەهێزەکان دەکات. چەندین گلۆپیش لەسەر "جویستیك"ەکەن بۆ ئەوەی لە شوێنە تاریکەکانیشدا بتوانیت گەمە بکەیت.

## کیبۆردێک تایبەت بە مۆبایلە زیرەکەکان


مۆبایلە زیرەکەکان لە رکابەریدان کە ئەگەر نەتوانن شوێنی لاپتۆپیش بگرنەوە، لانی کەم بتوانن کاریگەریی ئامێری تەبلێتیان هەبێت.. گرفتێك کە لە ئامێری مۆبایلدایە بەهۆی ئەوەی کە قەوارەکەی بچووکە، تایبکردن بە دوگمەکانی مۆبایلەکە زۆر ئاسان نییە، تەنانەت بۆ نووسینی کورتە پەیامێك ماوەیەکی پێدەچێت.. هەربۆیە تەکنەلۆژیای NFC کە تەکنەلۆژییەکی نوێیە و دەکرێت زۆر کاری وەك مامەڵەکردن، هاوبەشیکردنی کۆدەکانی QRی پێ ئەنجام بدەیت، بەڵام کۆمپانیایەکی ژاپۆنی لە بوارێکی دیکەدا سوود لەو تەکنەلۆژییە وەردەگرێت، بەهۆیەوە توانیویەتی پەیوەندیی نێوان کیبۆرد و هاندە زیرەکەکان پێك بێنێت، ئەم کیبۆردەی لەم وێنەیەدا دەیبینن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی هاندی ئەندرۆیدا دەگونجێت. بەڵام کێشەیەکی گەورە لە کیبۆردەکەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە پاترییەکەی نە شەحن دەکرێتەوەو نە دەشگۆڕدرێت، هەربۆیە پاش 6 مانگ سوود وەرگرتن لە کیبۆردەکە دەبێ فڕێی بدەیت و یەکێکی دیکە بکڕیتەوە.





# سایتێک خەونەکانتان دەکاتە فیلم

ئینتەرنێت کەشکۆڵێکی سیحرییە هەرچی داوای بکەی تێیدایە و مرۆڤەکان بیر لە هەموو شتێك دەکەنەوە، ئەوەی مەبەستتە گەر لە گوندە بچووکەکەی ئینتەرنێتدا بگەڕێیت، دەستت دەکەوێت... ئەوەی دەڵێن هەموو جیهان لەو گوندەدایە لە گۆترە نەگوتراوە... سایتێك هەیە کە خەونەکانتان دەکات بە فیلم، سایتی maxmydream ئەدرەسی ئەو سایتەیە کە ئەگەر سەردانی بکەیت و دوای ئەوەی کە کورتەیەك لەو خەونەی کە دیتووتە بۆت گێڕایەوە و لەو



بەشەی کە تایبەتە بە گێڕانەوەی خەونەکە لە سایتەکەدا نووسیت، سایتەکە پاش ماوەیەك ئەنیمەیشن یان کارتۆنییەك لە خەونەکەت بۆ دروست دەکات، هەرچەندە رەنگە لەگەڵ خەونەکەی تۆ جیاوازییەکی زۆری هەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سایتی وا بەرهەم بێت کە بەڕاستی خەونەکانتان وەك خۆی بۆ بکاتە فیلم، ئیدی ئەلبۆمێك لە فیلمەکانتان بەرهەم بێنن... هیوام وایە ئەلبۆمی خەونەکانتان ترسێنەر و تۆقینەر نەبێت و پڕاوپڕبێت لە شادی...



# سکاینەرێک تایبەت بە جۆرەکانی ئایپاد

سکاینەر ئەو ئامێرەیە کە بەڵگە و دوکیۆمێنتە کاغەزییەکان چ وێنە بێت یان دەق دەکات بە فایلێکی دیجیتالی، لەم رۆژانەدا کە جگە لە کۆمپیوتەر چەند ئامێری دیکەش هەن کە هەمان ئەرکی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن، بەڵام توانا و کارکردنیان جیاوازی هەیە وەك تەبلێت، مۆبایل... هەربۆیە سکاینەری تایبەت بەو ئامێرانەش هاتوونەتە بەرهەم، وەك سکاینەری جۆری iConvert کە سکاینەرێکە تایبەت بە ئایپاد و بەم دواییانە هاتۆتە بازاڕ، هەروەك لەوێنەکەدا دیارە سکاینەرەکە دەبێتە پایە بۆ ئایپاد و بەئاسانی بەڵگە و دوکیومێنتەکان بۆ سەر ئایپادەکە دەگوازێتەوە. دوگمەیەکی تایبەتیی هەیە بۆ سکانکردنی خێرا و بەهۆیەوە فایلە سکانەکان بە فۆرماتی JPEG لە کۆمپیوتەردا سەیڤ بکەیت.



# پایسکیلە فڕۆکەکە



لە چەند ژمارەیەکی پێشووتری گۆڤاری گوڵان لەبەشی هەواڵی تایبەت بە ئایتی بڵاومان کردەوە کە بیرۆکەی دروستکردنی پایسکیلێکی فڕۆك لە ئارادایە کە بتوانرێت وەك فڕۆکە بفڕێت.. ئێستاکە لە وڵاتی چیك ئەم پایسکیلە بەرهەم هاتووەو دەتوانێت بفڕێت، پایسکیلی ناسراو بە Fbiki سیستەمێکی مۆلتی کۆپتەری تێدایە، کە



# تەکنەلۆژیای دیجیتالی و ماساژی پەنجەکان



ماساژکردن، بە واتایەکی دیکە شێلان بە شێوەیەکی دروست وزانستی و باشترین شێوازە بۆ ئارام بوونی جەستە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی جەستە ماساژ بدرێت لە زۆربەی ئەو نەخۆشیانەی کە پەیوەندییان هەیە بە گیران رەگ و خوێنبەرەکان دەپارێزرێی. هەرچەندە ئێستا ماوەیەکە لە کوردستانیشدا ماساژکردن جێگای خۆی گرتۆتەوە، بەڵام چونکە ئەم شوێنانە لە کوردستان نامۆ بوونە و ماساژدان بە گرنگ نەزانداروە، بۆ خەڵك کەمتر روو لەو شوێنانە دەکەن.. لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئامێری ماساژدان لەماڵەوە هەن کە دەکرێت بە سوود وەرگرتن لەوانە ماساژ بە جەستەتان بکەن، وەك کورسی ماساژ و ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن تایبەتە بە ماساژکردنی پەنجەکان. ئەم ئامێرە دەتوانێت وەك ئامرازێکی گرنگ و گونجاو بۆ لەناوبردنی ئازار و ژانی پەنجە و مەچەك کە بەهۆی کاری رۆژانەوە گرفتیان بۆ دێتەپێش سەیر بکرێت. ئەو ئامێرە سیستەمێکی تایبەت تیشکی سەرووی سووری تێدایە کە بۆ سوڕی خوێن سوودی لێوەردەگیرێت.

# کامێرای دیجیتالیش ئیمێل بەڕێ دەکات



کامێرای جۆری DCS-930L کامێرایەکی دیجیتالییە کە دەکرێت هەم وەك وێبکەم سوودی لێوەربگیرێت و هەم وەك کامێرای ئاسایی و هەم وەك کامێرای چاودێری... لەکاتی کڕینی کامێرای ناوبراودا سەر لە سایتی mydlink دەدەیت و ئەکاونتێك لەو سایەتدا بۆخۆت دەکەیتەوە، لەمەولا لە هەر شوێنێکی جیهاندا بیت بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانیت ئەو دیمەنانەی کامێراکە دەیگرێت،ببینیت.. کامێراکە دیزاینەکەی وا دروستکراوە کە هەم دەکرێت لەسەر کۆمپیوتەر دابنێیت و هەم لە سەر دیوار، هاوکات سیستەمی وایەرلەیسی رادیۆیی هەیە و وێنەکان لەسەر رامی 32 میگابایتی ناوخۆی ، هەروەها هەموو جۆرە میمۆری و فلاش میمۆرییەك سەیڤ بکات. تایبەتمەندییەکی گرنگیی کامێراکە ئەوەیە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە ئیمێل بەڕێ بکەیت و وێنەکانیش بۆ سێرڤەرێکی تایبەت بنێریت. هەروەها گەر بیکەیت بە کامێرای چاودێری،ئەوا دەتوانیت وای ڕێك بخەیت تەنیا لە ئاست شتە جوڵاوەکاندا هەستیار بێت و ئەگەر شتێکی هەستیاری بە پێشدا بڕوات دەست بە وێنەگرتنی بکات.

# دەکەوێتە بازاڕەوە



لە کاتی قەرەباڵغی و ترافیکدا بە ئاسانی لە زەوی بەرز دەبێتەوە، بە پێی وتەی بەهەرمهێنەرانی ئەم پایسکیلە، لێخوڕینی پایسکیلە لە ئاسماندا هەروەك لێخوڕینە لە ئەرزدا و بەهۆی پێدانەوە ئەنجام دەدرێت. بەهۆی شەش پەروانەوە دەفڕێت، جگە لە پێدان چوار مەکینەی ئەلکترۆنی 10 کیلۆواتیشی هەیە بۆ سووڕانی پەروانەکان.

# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا سیستەمی Wi- Fi چییە لە زۆربەی لاپتۆپەکاندا وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکە سەیر دەکرێت، ئایا Wi-Fi هەر هەمان بلوتوسە..

خوێنەری بەڕێز پرسیارەکەت لە شوێنی خۆیدایە، چونکە زۆر کەس هەیە سیستەمی وای فای و سیستەمی بلوتوس وەك یەك دەبینێت، Wi-Fi لە راستیدا ناوی کۆمپانیایەکی بازرگانییە کە بەرهەمهێنەری سیستەمەکەیە، زۆر کەس وای بۆ دەچن ئەمە بەمانای Wireless Fidelity ئەوە بێت، بەڵام لەراستیدا وانییە. وای – فای بە سیستەمێك دەگوترێت کە بۆ گواستنەوەی داتاکان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە یان لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی دیکە بە هۆی شەپۆلی رادیۆییەوە دەگوازرێنەوە، لە هوتێلەکان و زانکۆ و ئیدارەکاندا بۆ دابەشکردنی هێڵی ئینتەرنێت بەسەر ئەو کەسانەی کە لەو شوێنە سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن لەم پەیوەندییە سوود وەردەگیرێت، مەودای بەرێکردن و وەرگرتنی وای فای زۆر لە بلوتوس زیاترە، هەتا سیستەمی وا هەیە لە کیلۆمەتریش زیاتر بڕ دەکات.. ئێستاکە نە تەنیا کۆمپیوتەر بگرە لاپتۆپ و تەبلێتیش لە سیستەمی وای- فای سوود وەردەگرن، دەکرێت بەهۆی ئەو سیستەمەوە بە ئاسانی هێڵی ئینتەرنێت لە کۆمپیوتەرەوە بۆ مۆبایل بگوازیتەوە هەروەها بە پێچەوانەشەوە. سیستەمی وای- فای تا رادەیەکی زۆر شوێنی سیستەمی بلوتوسی گرتۆتەوە.